# دەستووری دارستان

**حەمەسەعید حەسەن**

(من يشاء الله يضلله ومن يشاء يجعله على صراط مستقيم. ئەنعام ٣٩)
ئەوە خودایە، ئەم دەخاتە سەر ڕێی چەوت و ڕێی ڕاست نیشانی ئەوی دی دەدات.

(ليس عليك هداياتهم، ولكن الله يهدي من يشاء. بەقەرە ٢٧٢ )
ئەی محەممەد! ئەوە ئەرکی تۆ نییە، خودا مەیلی خۆیەتی کێ دەخاتە سەر ڕاستەڕێ.

هەموو موسڵمانێک تیرۆریست نییە، وەلێ هەنووکە نزیکەی هەموو تیرۆریستێک ئیسلامییە. وەک چۆن لەگەڵ گوتنی دیجلەدا، فوراتمان بیر دێتەوە، لەگەڵ ناوهێنانی ئیسلامیشدا، یەکسەر تیرۆرمان بیر دەکەوێتەوە. هەموو ئەو (ئیسلامی)یانەی ئەمڕۆ کوێرانە متمانەیان بە دەقی پیرۆز هەیە، سبەی بە کردەوە، تیرۆریستبوونی خۆیان دەسەلمێنن و هەر کە هەلیان بۆ ڕەخسا، دەستمان لێ دەوەشێنن. تیرۆریست دوو جۆرە، هەیە دەستخوێناوی، وەک زەرقاوی، هەیە تیرۆریستبوونی خۆی لە ڕێی هەتککردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵەوە، بەرجەستە دەکات، وەک ئەوانەی ناوی عەرەبی بەسەر منداڵی کورددا دەسەپێنن، خۆشەویستی قەدەغە دەکەن و تەنانەت لەو بوارانەشدا، چی بپۆشین و چی نا، چی بخۆین و چی نا، پێویستە قسە، قسەی ئەوان بێت.
ئەو منداڵە بچووکەی ئەمڕۆ بە زۆر، هەڕەشەی لە بابەتی (سيصلى نارا ذات لهب، کڵپەی ئاگر دەیسووتێنێت) و ناتۆرەی لە چەشنی (وإمرأته حماله الحطب، ژنەکەی بە کۆڵ داری دەهێنا)(١)ی پێ ئەزبەر دەکرێت، هیچ دوور نییە، سبەی ببێتە تیرۆریستێکی مەزن. وەک چۆن تا بە پردی (سیرات!)دا نەپەڕییەوە، ناگەیە بەهەشت، هەر وایش تا کۆیلەی دۆگمای دەقێکی دێرین نەبیت و بە پردی حیزبێکی ئیسلامیدا نەپەڕییەوە، لە پاشەڕۆژدا نابیتە تیرۆریست.
بۆ ئەوەی ئیسلامییەکان مێشکی منداڵی کورد نەشێوێنن و ڕێگەی بە تیرۆریستبوون لە بەردەمیدا تەخت و خۆش نەکەن، پێویستە بوار بە ئەندامی هیچ حیزبێکی ئیسلامی نەدرێت، مامۆستای قوتابخانە بێت. وەک چۆن لە ئەورووپا، ڕاسیستەکان، ئازادیی بیروڕا دەربڕینیان لێ زەوت کراوە، پێویستە لە کوردستانیش بە هەمان چاو، سەیری ئیسلامییەکان، بە توندڕۆ و میانڕۆیانەوە، بکرێت. پێویستە دایکان و باوکان، منداڵانیان بۆ ئەو فێرگانە نەنێرن، کە مامۆستای ئیسلامی دەرسیان تێدا دەڵێنەوە، ئەگەر نا، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەن، منداڵانیان لە داهاتوودا ببنە تیرۆریست. ئاخر ئیسلامی و تیرۆر، دوو ئەڵقەی یەک زنجیرەن.

چاوتان لێ بوو، مەلا عەلی باپیر، لە کردنەوەی خولی تازەی پەرلەماندا، نە ڕێزی لە شەهیدانی کوردستان گرت، نە لە سروودی نەتەوەیی؟ مامۆستای فێرگە، ئەگەر ئیسلامی بوو، سروودی نەورۆز لە بیری منداڵانی کورد دەباتەوە و باسی جنۆکە، ئەشکەنجەی قەبر و ئاگری دۆزەخی بۆ دەکات. مامۆستای ئیسلامی هێندە باسی عیقابی شەدید، عەزابی ئەلیم، تۆڵەی خودایی، (والله أشد تنكيلا. ٨٤ نیساء.) بڕینەوەی دەستی دز، (السارق والسارقه فأقطعوا أيديهما. ٣٨ مائیدە. دەستی دز، چ نێر بێت، چ مێ، ببڕن!)(٢) پەڕاندنی لاقی جەردە، جەڵدەلێدانی عارەقخۆر و سەنگبارانی زیناکەری بۆ دەکات، هیچ دوور نییە، شێخێکی وەک زانای لێ دەربچێت.

ئەوە ئەرکی دەستبەجێی دەسەڵاتی کوردییە، شێوازی گوتنەوە و پرۆگرامی سەردەمبەسەرچووی دەرسی ئایین لە فێرگەکاندا بگۆڕێت. کتێبی تازەی ئایین کە پێویستە بنووسەکانی کەسانی کراوەبن، دەبێت بە شێوەیەکی مۆدێرن، چیرۆکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیسلام بگێڕێتەوە. (مێشکی ئینسانیش وەک چەتر وایە، بۆ ئەوەی باش ئیش بکات، پێویستە کراوە بێت.)(٣) کوردستان وڵاتێکی فرەئایینە، پێویستە دەرگەی فێرگە بە ڕووی هەموو ئایینەکانی دیکەیشدا واز بێت و لە پرۆگرامی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، ئەو بایەخەی بە ئایینی ئیسلام دەدرێت، بە ئایینەکانی دیکەیش بدرێت و مامۆستای ئایین لە وەختی گوتنەوەی دەرسدا، کەسێکی بێلایەن بێت، نەک لایەنی ئەم ئایین بگرێت و دژی ئەوی دیکەیان قسە بکات. فێرگە، نە مزگەوتە، نە کڵێسا، بۆیە مامۆستا مافی ئەوەی نییە، ڕۆڵی مەلا یان قەشە، ببینێت. بۆ ئەوەی قوتابییانی کوردستان، کەسانی کراوەیان لێ دەربچێت، پێویستە نەک هەر بە ئایین و کولتوورە جیاوازەکانی کوردستان، بەڵکوو بەو هەموو ئەو ئایین و کولتوورە جیاوازانەی لە دنیادا هەن، ئاشنا بکرێن.

2005. 09. 04

(١) فأتوا بسوره من مثله، إن كنتم صادقين. بەقەرە ٢٣ ئەگەر ڕاستگۆن، سوورەتێکی وەک هی قورئان بێژن!
(٢) بۆ پاداشت، ژن بە نیو ئینسان دەچێت، وەلێ بۆ سزا، ئینسانێکی تەواوە. ئەوە نییە قورئان، لە بواری بڕینەوەی دەستدا، بە هەمان چاو سەرنجی ژن و پیاو دەدات.
(٣) والتەر گرۆپیوس.

